# بیری مردن دەکەم

ئیبراهیم هەورامانی
(هەڵەبجە)

(١)
مەرگ لەوە زیاتر نییە!
کە تۆ ئەم هەموو،
ڕێگایانە پڕدەکەی
لە ڕۆیشتن.

(٢)
لەوەتەی تۆ،
ئێرەت جێ هێشتووە.
خوویەکی سەیرم گرتووە
زۆربەی کاتەکان،
دەچمە کافێکەی شار و
لەو کورسییە دەڕوانم
هەمیشە دەتوت:
دڵم بەم کورسییە دەکرێتەوە
منیش ئێستا،
دڵم بەو کورسییە،
دەکرێتەوە.

(٣)
تەنها ڕقم،
لەو هەنگاوانەیە.
تۆ فێری ڕۆیشتن دەکەن.

(٤)
ئەستێرەکانم خۆش دەوێ.
ڕووبار،
گوڵە مێخەک،
کۆڵوانەکەی دایکم،
ڕەشایی شەو و
زۆر شتی تریشم خۆش دەوێ.
بەڵام هیچیان،
هێندەی تۆ نا.

(٥)
ناچارم،
لەگەڵ خۆمدا بدوێم.
باسی ئەم بێ تۆییە،
بۆ کەس نا،
بۆ خۆم بکەم.

(٦)
قسەکردن،



کاتێک کەڵکی هەیە.
تۆ لێرە بیت و
گوێ بگریت؟!
(٧)
بۆ ئەوەی گۆی زەوی،
ژینگەیەکی پاکی
هەبێ.
ئینسان تێیدا هەست بەئاسوودەیی بکات
من تۆم خۆش ویست.

(٨)
کەتۆ دەڕۆیت،
من غەمەکانم زۆر دەبن
غەمی ڕۆیشتنی تۆ.

(٩)
بۆ ئەوەی،
بەهار،
زووتر لەوادەی خۆی بێت.
تۆ بیر لەڕۆیشتن
مەکەرەوە؟

(١٠)
لەبەر تۆ نەبا،
زۆر،
زووتر دەمردم.

(١١)
زستانێکی زۆر ساردە!
بیری
ئەو کوپە قاوەیە دەکەم
داتە دەستم.

(١٢)
تەنیا جیاوازییەکەی من،
لەگەڵ ئینسانەکانی تردا
ئەوەیە،
من لەبری هەوا
پێویستم
بەموحیبەتی تۆیە
بۆ ژیان.

(١٣)
سەرزەمین،
جێی کەسێکی تری تێدا نابێتەوە.
بەڵام هەمیشە،
جێی تۆ خاڵییە...!

(١٤)
بە خاتری تۆ،
خۆم فێری،
ژیانکردن کردووە.
ئەگەر بڕۆی؟
دەزانی،
ژیانکردنیشم بیر دەچێتەوە.!

(١٥)
نازانم پلەی گەرما چەندە؟
بەڵام ئەوەندە
دەزانم
خەریکە دڵم دەیبەستێ
هێندە،
لەبیری تۆدام.

(١٦)
بۆ ئەوەی،
کەمێک لە مرۆڤێکی ئاسایی بچم.
وتنم
لەبیر نەچێتەوە.
هەر هیچ نا،
تەنیا بڵێ:
دەمێنمەوە؟!

(١٧)
جاران،
پێم خۆش بوو.
دڵم هەبێ!
چاوم هەبێ!
کە تۆ
هەبوویت.

(١٨)
زۆر شت،
لەتۆوە فێربووم
هەناسەدان..
ناسینەوەی پیت و
گۆرانی وتن.
ترسی ئەوەم هەیە،
تۆ بڕۆیت و
ئیتر من
ئەو هەموو شتانەم بیر بچنەوە.

(١٩)
هەموو کەسێک،
ڕۆیشتنی جوان لێ دێت.
بەڵام
تۆ هاتنت.
(٢٠)
تۆ نیت و
من بیری مردن دەکەم.